وەرزنامەی فەرهەنگی–کۆمەڵایەتیی چل چەمە، ساڵی ۱، ژمارەی ۳ و ۴، پاییز و زستانی ۲۷۱۹



زانکۆ یاری

# ڕاڤە و ڕامانێک بەسەر دیرۆک و چیرۆکدا

Bi xeml û rewş e,
şêrîn û xweş e zimanê  Kurdî.. (Aram Tîgran)

❄ ✿ ❄

## دەسپێک

دیرۆک[1]، ئارۆ بریتییە لە ڤەدیتن و لێکۆڵینەوە ژ ڕابردوو بەپێی وێنەباوەڕپێکراوەکان، تۆمار و ئاسەوارەکان و لێی تێگەیشتن، هزرین و شیکردنەوەی. مێژوو گۆڕەپانێکی توێژینەوەیە کە بۆ بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی پێشووە و هەندێ جار تێدەکۆشێت شێوەئاساکانی هۆ و بەرهۆ کە ڕووداوەکان دەستنیشان دەکەن بپشکنێت (فەرهەنگی ئەناهیتا)[2]. هەروەها یەکێک لە زانستە هەرە گرنگەکانی ژیانە و هیچ زانیارییەکی گرنگ نییە مێژووی تایبەتی خۆی نەبێ، چونکوو بەشێوەیەک زانست پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ ئەوەی لە دەرگای هەگبەی زەمەن بدات، وەک زانینی مێژووی زمان، وێژە، سروشت، ڕامیاری و هتد؛ هەروا کە دەزانن بەشێکی فرە لە مێژووی کوردەواری لەبیرکراوە یان چمان هەورێکی سێوەنگە، و لە ڕێگەی پێڤاژۆی کۆڵینەوە تەنیا دەتوانین دەستمان ڕابگاتە بەشێکی بووچکی، بۆیە توێکاری لەباتیی مێژوو و فەلسەفەی مێژوو بە زمانی کوردی بەهۆی نەبوونی مێژوونووسیی کوردی بە پێوەری مێژوونووسانەوە و تایبەتمەندیی ڕانانی زانستی، پرسێکی نوێیە.

## ئامانجی ئەم نووسراوە

کەسانێک کە هەویای نووسینی مێژووی نەتەوەی وژیان یان ئەوی‌دییان هەیە، لەو ڕێگەدا زانیاریی پیر ڕێکوپێکیان وەدەست ناکەوێ یان بەرهەمەکانی تۆرەڤانان و هەڤۆتی مامۆستایانی ئەو مژارە زۆر جار ڕاستییەکان ڕوون ناکاتەوە و خوێنەر یان توێژەر تووشی ڕافاڕای دەکەن و بە لاڕێیدا دەبەن، بەڵام ژ بۆ ناسینی مێژووی هەر کۆمەڵگایەک دەبێ

1 .WQFerheng: dîrok
2 . Enahita: mêjû

ڕەوتی چاند و شەپۆلی دابونەریتی خەڵکەکەی شی بکرێتەوە. ئەدەبیاتی هەر گەلێکیش بنچینەیەکی هەیە کە کۆڵەکەکانی لەسەر زانستیگەلیی (فۆلکلۆر) ئەو گەل و نەتەوەیەدا ڕاوەستاوە و خۆی گرتووە، و سە دەمانەوێ بەو ئامانجە بگەین کە چیرۆک و ڕۆمانی مێژوویی دەورێکی شەمەند و زانستی‌تریان لەم بوارەدا هەیە؛ پەوکێ لەم وتارەدا بە شەگرتنی شێوەی دەکارکردن وەک بەڵگە بۆ سەلماندنی مەبەست و بەپێی سەرچاوەکان، دکارین ئادگاری چەمکەکانی دیرۆک و وێژە تاوتوێ بکەین و بزانین گەلۆ پەیوەندیی و پێبەستەییان هەیە؟ و تێ‌بگەین گرنگیی مێژووی وێژە وەک ڕەهەندێکی نوێ‌باوی گەل‌ویستانە چۆنە! و لەدوایی‌دا نقیسار هەندێ باسی کاکڵداری ڤیرا لەم کاقارەدا دەخاتەڕوو.

### تێبینیی زمانەوانی

لەڕووی واتاناسیی زاراوەوە[3] ، هەنووکەش پێناسەیەکی ئەوتۆ و هاوکۆک بۆ دیرۆک یان مێژوو نییە، بەڵام ماکەی مێژوو، لێ‌تۆێژینەوە یان زەنجیرە ڕووداوەکانی ڕابردووە کە مێژوونووس کاری لەسەر دەکاتن. کەسانێک کە تووشی بەرەنگاربوونەوەی بژاردەی مێژوو دەبن، دەبێ تێ‌بکۆشن تاکوو ڕادەیەکیش لە بواری زمانەوانی‌دا[4] هەندێ شارەزاییان ببێ. دیارە گەر گشت خەرمانی وشەکان و زمانی گەلێک لەنێو بچێت، بەرەبەرە مێژووەکەشی هەڤڕا لەبیر دەچێت، چونکوو زمان تەنیا ئامرازێک بۆ پەیوەندی‌گرتن نییە، بەڵکوو کەرەستەیەکە ئەڕای فێربوون و تێگەیشتنی «بوون» و بەم پێیەش شۆناسی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی هەر تاکێک دیاری دەکات؛ هەروها ئێستاش زمان بۆ نووسەری نوێ‌خواز کەرەستە نییە بەڵکوو مەبەستە (یاری، ٢٧١٦، ٣). لە ڕوانینی زمان‌دا تەنێ مەبەست ئەو زمانە نییە کە خەڵکی ڕەشۆکی ڕۆژانە پێی دئاخفێت، زمانی دیرۆک، پەروەردە، کۆمەڵناسی و تاد کە هەر کام لەم شێوەزمانانە بەپێی پێویستیی خۆی ئەژ شوێنی خۆی‌دا دەبێ کاریان پێ بکرێ (کەریمی، کوردستان‌پۆست،



---

3 .Semantics

4 . Linguistic

٢٠١٩). لـە کومەڵگـەی مرۆیـیدا زمـان گۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت، و هەتاکوو زۆرتـر هـەوڵ بدەیـن چۆنییەتـی و هـۆی داهێنانـی وشـەکان بدۆزینـەوە باشتر بنچینـە و ڕابـردووی زمـان و ڕەوتی پێکهاتنی بۆمان دەردەکەوێ؛ بۆیە سـەرەتا لـەڕووی زمانەوانییـەوە ڕەچەڵەکی ئەم دوو وشـە (دیرۆک/مێژوو) دەخەینەڕوو و دەیدەیـن لـە بێژنـگ و بەکورتـی پێناسـەی دەکەیـن.

مێـژوو یـان دیرۆک، هاووتای وشـەی یۆنانیی "historia"ـیە، کە بە واتاکانی زانست، دیتـن، ڕاگەیانـدن، گێڕانـەوە و مێـژووی ڕووداوەکان بـووە. وە ک چەشـنە هونەرێکـی نووسـین کـە وێدەچێ یەکـەم جار مێژوونووسـی بەناوبانگ هیـرۆدۆت[5] بـەکاری هێنـا بێ. کەواتە وشـەی "مێـژوو" لە یۆنانییـەوە هاتووە و لەوێدا بەم شـێوەیە دەنووسـرێت: στορία (کە "هیسـتۆریا" دەخوێندرێتەوە) و هەروەهـا واتـای "لێپرسـینەوە"ـشی هەیە. ئەم وشـە یۆنانییە لـە ڕێگەی زمانی لاتینـەوە هاتـە نێـو هەموو زمانە ئۆرووپییـەکان، بۆ وێنە لە زمانی فەڕەنسـی "histoire"[6] و لـە ئینگلیزیـشدا وەک "history"[7] دانـراوە. لـە زمانەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـندا؛ بەتایبـەت لـە زمانـی کـوردیدا ژ بـواری وشەناسییەوە چەنـد تیـۆری لەسـەر تۆرەمـەی ئـەو دوو وشـە وێکچـوو و هاوبەشـەدا هەیـە، بـەڵام بەگشـتی بـۆ ڕابـردوو و ڕووداوەکانـی پێشـتر بـەکار دێـن. لـە کرمانجیـی ناوەڕاسـتدا-لقی سـۆرانی، پتر وشـەی "مێژوو" بەکار دەهێندرێت کە لە وشەی "مێژ"ـەوە وەرگیـراوە و واتـا کـۆن، کاتێکـی دووری پێـش ئێسـتا و لەمێژینـە، جاریـش وایـە بـۆ چیرۆکیـش بـەکار هاتـووە کـە مەبەسـت گەڕانەوەییـە بـۆ سـەردەمی کەڤنـارا. مێـژو، لـە فەرهەنگـی هەنبانەبۆرینـەدا بەمشـێوە هاتووە: زەمانـی کـۆن، کەونـارا یـان بۆ وشـەی موئەرخی عەرەبی و فارسـی نووسـیوە: زانـا بـە دەنگوباسـی ڕابـردوو، مێژووشـناس، مێژووڤـان: مێـژووزان. لـە فەرهەنگـی خـاڵدا دیسـان هـەر وشـەی مێـژوو بـەکار هاتـووە (لـە بەرانبـەری "تاریخ"ـی فارسیدا) و لە فەرهەنگی زانستگای کوردستاندا ئاوا هاتووە: عربی (اسـم) مێـژوو، کاتوسـات، دیـرۆک. دیـارە "مێـژوو" وشـەیەکی نوێیـە و پـاش پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردوو کەوتووەتە نـاو وشـەدانی کوردییەوە، چونکوو لە

---

5 .Herodotus, c 425-484 BC.

6 . Êtymologie: Du latin historia, lui-même du grec στορία. Le nom a pour origine le titre du livre d'Hérodote, Les Enquêtes (Historíai).

7 . Wiktionary: Etymology, From Middle English historie, from Old French estoire, estorie ("chronicle, history, story") (French histoire), from Latin historia, from Old Greek στορία, from στορέω ("to learn through research, to inquire") from στωρ ("the one who knows, the expert"), from Proto-Indo-European *weyd-. Attested in Middle English in 1393 by John Gower, Confessio Amantis, which was aimed at an educated audience familiar with French and Latin.

وەرگێڕانی شەرەفنامەی بیدلیسیدا [8] بۆ کوردی، لەلایەن مەلا مەحموود بایزیدی (١٧٩٧-١٨٦٧) وشەی مێژوو بەکار نەهاتووە و هەر "تاریخ" بەکاربراوە (شمس، ١٣٩٧، ٣).

وشەی دیرۆک لە کرمانجیی ژووریدا-باکوور، بەکار دەهێندرێت. ڕەنگە وشەی "دیرۆک" کە لە "دێرۆک" و "دێریک"ـەوە هاتووە لە مێژوو کۆنتر بێ (قادری، ڕووداونێت، ٢٠١٨)؛ دیرۆک لە هەنبانەبۆرینەدا بە دوو واتا هاتووە: -چیرۆک و ڕووداوی خەیاڵی. -ڕووداوی مێژوویی. لە فەرهەنگی شێخانیدا وەک گێڕانەوەی گۆرانی و سترانێک ئەژ کاتی ڕووداودا هاتووە؛ لە فەرهەنگی کوردستان نووسینی گیو موکریانیدا بەرانبەر بە مێژوو بەکاربراوە. دوو تیۆریی لەسەر هەیە، بەپێی یەکێکیان دیرۆک لە "دوور"ـەوە دێت کە لە هەندێک لە بنشێوەزارەکانی شێوەزاری کوردیی باکووریدا "دیر" یان "دویر" دەگوترێت. تیۆرییەکەی دی لەو باوەڕەدایە کە وشەی دیرۆک لە وشەی "چیرۆک"ـەوە هاتووە. ئەم تیۆرییە دووهەمە زۆرتر ڕێیتێدەچێت چونکوو وشەی historyـیش لە گەلێک زماندا واتای چیرۆکیش دەدات (WiktionaryDict).

لە زمانی عەرەبیدا بۆ بەرانبەری وشەی history، وشەی "التاریخ" بەکارهاتووە کە لە دەقە کۆنەکانی زمانی فارسیشدا وەک "تاریخ" بەکار دەهێندرێت. لەمەڕ ڕەچەڵەکی وشەی التاریخ، ڕایەکی هاوکۆک و یەکدەنگ نییە و کۆمەڵێک ڕا و تێبینییان بۆ ورووژاندووە؛ ڕایەکیش وا دەری دەخات کە وشەی "التاریخ"، بەعەرەبیکراوی وشەی "yerak"، بێ کە وشەیەکی عیبرییە [9] و بە واتای (ارخ، یارخ-ارخا) دێت کە بە واتای (الوقت) واتا کات، دێت و عەرەب ئەم وشەییەی ژ بۆ ڕووداوە گەورە و بووچکەکان بەکارهێناوە، وەک "عام‌الفیل"؛ لە چاخی ئیسلامدا پێوەرەکان بۆ مێژوو بوو بە ئایینی (شمس، ١٣٩٧، ٤). ئاماژە: مێژوو لای موسڵمانەکان گرنگییەکی گەورەی هەیە، بەتایبەت لەنێو زانستە مرۆییەکاندا. لە کتێبی قورئاندا ڕاستەوخۆ زاراوەی مێژ وو نەهاتووە، بەڵکوو زاراوەی تری لە بەرامبەردا هاتووە وەک "اساطیر الاولین، قصص الاولین" و هتد کە هەموو ئەوانە وتوویژ لە ڕابردوو دەکەن (عەلیجاف، ٢٠١٦، ١). جێگەی گوتنە کە وشەی "ئەفسانە"ـش [10] ، لە وشەی Istoreiaـی یۆنانییەوە وەرگیراوە و لە فرە ڕووەوە پەیوەندیی بە وشەی historyـوەوە هەیە. ئیستۆریا لە عەرەبی و فارسیدا کراوە بە

---

8 .*Sherefname*

9 . Hebrew Language, Northwest Semitic.

10 . Mythology, Myth.

"الاسطورة/اسطوره". کەوشەنی ئۆستووره ڤەگەرد ئەفسانەدا جیاوزه، و ئۆستووره چیرۆکێکی بانسروشتییه [11] ، پێویستی بە کاتوسات و یاگێ نییە، لە خەبات و تێکۆشانیش جیا نییە و بەشێکە ئەژ نەتەوەسازی، هەروەها لە مێژوودا پەی خۆی واتایەکی هەیە (وەک ئۆستوورەی کوردیی "شاماران")، لە ڕاڤە و شیکردنەوەی سروشت و دیاردەکانی ژیان و مردن و لە شارستانییەتی گەلێک کۆنەوە سەری هەڵداوە؛ میناک لە ڕۆم و یۆنانی کۆندا، لە کوردستانیش وەک لە سەردەمی میزۆپۆتامیا یان سۆمەر؛ بەڵام ئەفسانە [12] ئەم تایبەتمەندییانەی نییە و پتر هاوشێوەی گێڕانەوەیە [13] (نێوئاخنی ئامۆژگاری و پەند، زمانی سروشت، وەک ئەفسانەی کوردیی "مەرزەوان") یان چیڤانۆک [14] (جەشنی تایبەت بە منداڵان و مێرمنداڵان، توخمی ناسروشتی).

مێرئازایی (حماسه) مێژوویی لە بواری پێکهاتەوە زۆر لە ئوستوورەکان دەچن، بەم تۆفیرە کە بابەتی سەرەکیی چیرۆک و کەسێتیی ناسراوی [15] ئەو، پەیوەندی بە ڕووداوێکی مێژوویی تایبەت و یان قۆناغێکی زەمەنی دیاری کراوەوە هەیە؛ ئەم جۆرە مێرئازاییانە زۆرتر باسی شەڕی پاڵەوانەکانی هۆزێکە لەگەڵ هۆزەکانیتر و چیرۆکی دڵداری و خۆشەویستیی ئەوان، بڕێ لەم چیرۆکانە بەهۆی ڕادەی زۆری تێکەڵییان لەگەڵ ناوەڕۆکی ئوستوورەیی وەک ئوستوورەیان لێهاتووە و بڕێکی تریشیان بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ ڕووداوی ژیانی ئاساییەوە وەک چیڤانۆک و گێڕانەوەیەکی ساکار و کەمبایەخ خۆیان ئەنوێنن (چەمەنئارا، ١٣٩٥، ٢١).

### پێناسە

لەگەڵ ئایینْدا بۆ یەکەمین جار لێکدانەوەی ڕووداوی مێژوویی وەدەرکەوت؛ واتا خودا و درووستکراوەکانی دەستی مرۆڤ وەک ڕۆژ، هەیڤ و پەیکەر کە ئەمانە بوون بەهۆی بەسەرهات و ڕووداوکانی هەڵگیرسانی شەڕ و تەوژم و سەرکەوتن، دواتریش کتێبەکانی پیرۆزی تەورات، ئینجیل و پاشتریش قورئان، بوونە سەرچاوەی مێژووی ڕابردوو، پاش هەموو ئەمانە مێژوو وەک ئەرکێک لای یۆنانییەکان کاریان پەی کردووە کە لەسەرەوەی هەموویانەوە هیرۆدۆت

11 . Metaphysic.
12 . Legend.
13 . Fable.
14 . Fairy Tales.
15 . Personage.

(کە ناسراوە بە باوکی مێژوو) دێت و بەدوایشیدا کەسانی دی وەک زنفنۆن[16] و تاد. کەواتە مێژوو وەک لقێکە لە زانستە مرۆییەکان کە هاوپەیوەندیی لەگەڵ سەرجەم زانستەکانی تردا هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لێدەکات.
گەر مێژوو وەک واتایەکی مەعریفی و زاراوە پێناسەی بکەین، ئەوا چەندین بۆچوون لەمڕووە هەیە کە دەکرێت تیشک بخەینە سەر هەندێک لەوانە؛ دیرۆک، ئەزموون و زانستی تێکۆشانی مرۆڤە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیان هەیە و بەوپێیەی تۆماری ڕابردوو و دەسکەوتەکانیەتی؛ ڕابردوویەک کە هەموو بەسەرهاتە وەش و خراپەکانی تێیدا تۆمار دەکرێت. هەروەها مێژوونووسی ئینگلیزیش "و. ە. ویلش"[17] و مێژوونووسی فەڕانسەویش "ە. مارۆ"[18] پێیان وایە کە: مێژوو زانینی ڕابردووی مرۆڤە لە ڕێگەی مرۆڤی ئەو سەردەمەوە (عەلیجاف، ٢٠١٦، ٣). مێژوو هەواڵپرسینی ڕووداوەکانی بوونە، واتا بۆ تاک و کۆ بە گوێرەی دیاردەی سروشتی و مرۆیی، و دەیەوێ بزانێت تا چەندە ڕابردووی گەلان پەیوەندیی بە ژیانی ئەمڕۆوە هەیە. مێژوو کۆگایەکی ئەکادیمییە و بە زانستێک دەزانرێت کە شرۆڤەی مرۆڤ دەکات لەناو شوێن-کاتدا. ئەم پێناسەیە لە مێژوو بەردەوام دوو لایەنی بووە، یەکێک مێژوو وەکوو ڕووداو و ئەویدی وەک گێڕانەوەی ڕووداو.
لەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕایەی کە مێژوو بریتییە لە ڕابردوو، واتا گەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسە سەرەتاکەی مێژوو[19] کە "مێژوو نووسینەوەی تۆماری ڕابردووی مرۆڤە" یان "مێژوو وێنەی ئەو شتانەیە کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە". ئێستا تێدەگەین کە مێژوو بەتەنیا هەر تۆمارکردن نییە، بەڵکوو بەزانستیکردن و فەلسەفەی پشتی ڕووداوەکانە، واتا کە ڕووداوێک ڕوو دەدات دەکرێت پرسەکانی وەک چۆن؟، کەی؟ هۆکارەکان و ئەنجامەکانی و هتد، شی بکەینەوە کە لێرەدا ئامانجی مێژوو دەگۆڕێت لە خوێندنەوەی سانا بۆ لێوردبوونەوەوە و ئەمەش جارێکی دی چییەتیی کاری نووسینەکەیە.
لە سەردەمی ڕێنیسانسدا[20]، یەکێک لە جۆرەکانی تری وێژە کە گەشەی کرد، مێژوو بوو و لقێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو مێژووە ئەوە بوو کە لەجیاتیی نووسین بە زمانی لاتینی، جوور ڤەژینەوەیەک زمانی ناوچەیی بەکار دەهێنرا؛ نووسراوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە تەژییە لە زانیاری سەبارەت بە دانیشتووان و داهات و باج و بازەرگانی و هەندێ بابەتی

16 . Xenophon, c. 431-154 BC.
17 . O. H. Willsch, England.
18 . Henri-Irénée Marrou, (1904-1977), French.
19 . Classical Definition of History, as the concept.
20 . Renaissance (ژیانەوە).


فصل‌نامه‌ی کردی و فارسی چهل چشمه، سال اول ، شماره ۳ و ۴، پاییز و زمستان ۱۳۹۸

تر، بەکورتی دەتوانین بڵێین مێژوونووسانی سەردەمی ڕێنیسانس، بنەمای نووسینی مێژووی ئۆرووپییان لەسەردەمی نوێدا دانا. مێژووویێناندن[21]، زیندووکردنەوەی ڕابردوو و وێناندنەوەی زمانیی تێگەی دیرۆکییانەی هەر دیرۆکنووسێکە لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا و دونیایەک کە تێیدا دەژی. بە دەربڕینێکی تر، مێژوویێناندن پێڤاژووی مامەڵە و ئاڵوێری مێژووە وەک شتێکی سەربەخۆ و دەرەزەینیانەی مێژوونووس لەگەڵ زەین و مەعریفەی مێژوویی ئەو. واتا کاتێک مێژووی ڕابردوو چمان ڕاستییەکی سەربەخۆ لە زەینی مرۆڤ لە ڕێگەی مرۆڤگەلێک بە تێگەیشتن و زەینێکی شوێن-کاتییانەی تایبەت نووسراوە و لەگەڵ مرۆڤانی پاش خۆی دەکەوێتە قسە و دوواندن، ئەوە کردەی "مێژوویێناندن" هاتووەتە ئاراوە. لە مێژوویێناندن لەلایەن و ڕەهەندی بوونناسانە[22]، مرۆڤناسانە و چییەتیی مێژوو لە ڕوانگەی مێژوونووسەوە قسە دەکرێت (قادری، ڕووداونێت، ٢٠١٨). مێژوو زۆر لایەنی هەیە وەک: مێژووی دونیا، مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی دەرەبەگایەتی، مێژووی ڕزگاریخوازیی گەلان، مێژووی ڕووداوەکانی دوو شەڕی جیهانیی پێشوو، مێژووی ڕۆژنامەگەری و هتد.

بەڵام هەروا کە لە سەرەوە سەرنجی بۆ درا، زاراوەی مێژوو دەقاودەق واتای چیرۆک و توێژینەوە و گێڕانەوەی ڕووداوی پێزانراو دەگەیەنێت کەواتە لە سەرەتاوە ناوی مێژوو بەو چەشنە تاکوو ڕادەیەکی باش لەگەڵ مەبەستەکانیدا دەگونجا. بوونی چیرۆک گەر سەرەتایەکی هەبێ، پەیوەست و هاوتایە بە دەسپێکی درووستبوونی "بوون"ـەوە (باران، کولتوورمەگزین، ٢٠١٨). مێژوو لە چیرۆکەوە دێت و بە ڕای ئەز پەیوەندیی وێژە و مێژوو دەشێت بکەوێتە بەردەم خوێندنەوە و پێداچوونەوە. مێژوو واتا گێڕانەوە، گێڕانەوەی ئەو شتانە کە ڕوویان داوە. ڕیکۆر[23] ، فەیلسووف و وێژەڤانی فەڕانسەوی لە پەرتووکی "کات و گێڕانەوە"ـدا[24]، کۆی چوارچێوەی مێژوو وەک گێڕانەوە دادەنێت و ئەو پەیوەندییە بە ناڕاستەوخۆ دەزانێت کە لەسەر بنگەی لێکدابڕاندا پێشڤەچوونیان هەیە. ئەزموونی ژیان زۆرتر لە چیرۆکەکاندایە نەک لە مێژوو، چونکوو وێژە چەشنێکە[25] کە بەپێی دوایین دەسکەوتەکانی مرۆڤە و ڕێگەپێدراوتر لە مێژوو پشکنینی ڕووداوەکان دەکات، بۆ وێنە چیرۆکی "گوڵی شۆڕان" لە نووسینی عەتا نەهایی، پڕە

---

21. Ontological.
22 . Paul Ricœur (1913-2005), French.
23. Paul Ricœur (1913-2005), French.
24 . Xenophon, c. 431-154 BC.
25 . O. H. Willsch, England.

لە ڕووداوی مێژوویی. بەڵام مێژوو بزرە یان لە هەر سەردەمێکدا تووشی دەستێوەردان بووە. موحەممەد ئۆزۆن[26] لە پێشەکیی پەرتووکەکەیدا واتا "دەسپێکی ویژەی کوردی" [27]، ڕوانگەی ئەوەیە کە مێژوو ناپاکە و گەر لە پاژی نووسیندا بوێرانە کار نەکەین و بەرهەمی گران نەخوڵقێنین ئەوا لەبیر دەچین؛ و وەک ڕۆماننووسی ئەمریکایی فلانێری ئۆکانر گوتەنی: نووسینی بەبایەخ، لەبەرزییەوەبازدانە بەرەو قووڵایی ڕاستی.[28] کەواتە نووسراوەی بەهێز و پڕناوەڕۆکمان پێویستە.

لەو سۆنگەوە ئەڕا خوێندنی مێژوو دەتوانین لە مێژووی وێژە [29] و چیرۆک و ڕۆمان، کەڵک وەربگرین. یەکێک لە بنجۆرەکانی ڕۆمان بریتییە لە ڕۆمانی مێژوویی[30] کە لە سەرەتاکانی نۆزدەهەمدا بە بەرهەمەکانی واڵتێر سکات لەدایکبوو.[31] لە ڕاستیدا بابەت و دۆزی[32] سەرەکیی ڕۆمانی مێژوویی، ڕووداوە مێژووییەکانن. بەڵاڤ ئەم بابەتیبنەڕەتییە هاوبەشە لەنێوان ڕۆمانی مێژوویی و مێژوونووسیدا بە دوو شێوەی جیاواز خۆی دەردەخات، گەرچی هەر دوو شرۆڤەی بوارێکی مێژوویی دەکەن، بەڵام ڕەنگە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دیوی دەرەوە و ناوەوەی ڕووداوەکان، بەتایبەت لەگەڵ هەست و دونیای ناوەوەی کەسایەتییەکاندا خاڵی جیاوازی سەرەکی بێ. لە کاتێکدا دەقی مێژوویی باس لە لایەنی دەرەکی و بەرهەستی ڕووداوەکان دەکات، بۆ وێنە دەڵێت لە شەڕێکی دیاریکراودا چەند کەس کوژراون و چەندە وڵات داگیر یان ڕزگار کران؛ ڕۆمان باس لە کارتێکەریی ئەم ڕووداوانە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان دەکات و دونیای ناوەوەی ئەوانمان بۆ دەخاتەڕوو و ڕووناکی دەڕژێنێتە ناو داڵانە پێوار و لێڵ و شاراوەکانی ناوەوەی ئەوان. لە "سێ هەنگاڤ و سێدارەیەک"ی جان دۆستدا [33] دواساتەکانی ژیانی شێخسەعید پیران وەها باس دەکرێت کە مێژوونووس بە پێوەرەکانی مێژوونووسی قەت ناتوانێ خۆی لە قەرە بدات. ڕۆماننووسی بەبڕ و توانا بەم کارەی کەسایەتیی مرۆڤانەی ئەندامە مێژووییەکانمان بۆ دەنوێنێت و

26 . Henri-Irénée Marrou, (1904-1977), French.
27 . Classical Definition of History, as the concept.
28. Mystery and Manners: Occasional Prose, by Mary Flannery O'Connor (1925-1964), Georgia, US. Publisher: Farrar, Straus and Giroux; First edition 1970.
29 . History of literature.
30 . Historical fiction.
31 . Sir Walter Scott (1771-1832), Scotland, UK.
32 . Theme
33 . 3 gav û 3 darek. Şeva dawî di jiyana Şêx Seîdê kal de, (2007); nivîskar: Jan Dost (1965), Kobanî, rojavayê Kurdistanê.

ڕۆحی سەردەمێکمان بۆ وێنا دەکات و گرنگیی ئەم کارەش بۆ تێگەیشتنی "ڕابردوو"[٣٤] گەر لە بەرهەمی مێژوونووسی زیاتر نەبێ، کەمتر نییە (ئەحمەدزادە، وتوویژ، ١٣٩٧).

## پوختە

ئەم نووسراوە کۆمەڵێک ئاوڕ و تێڕامان و زانیاری لەسەر تێگەی دیرۆک لەخۆ دەگرێت؛ هەڵبەت تاکوو زۆرتر لەم بابەتەوە بخوێنینەوە، باشتر لێی تێدەگەین و گرنگیی ئەم مژارەمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە؛ بەلاڤ ئامانجی دەقەکە وەک بەدواداچوون و شرۆڤەیەکە ژ زاستی مێژوو لەڕووی زمانەوانی، پێکهاتەی وەک بۆچوونێکی زانستی بۆ ڕاستی و پێناسەکەیە لەگەڵ ناساندنی ئەرکی وێژە، لە تیۆریی وێژەییدا ڕوانگەیەکی کۆن کە ئێستاش هەر لە ئارادایە، پەیوەندیی نێوان چیرۆک (Fiction) و ڕاستییە (Fact). هەندێک لە تیۆریزانان وەک جێریمی هاتۆرن[٣٥]، هە ڤگرتوویی و وێکچوونییەکی زۆر لە نێوان چیرۆک و ڕاستیدا دەبینن و تەنانەت لە تێکەڵاوکردنی ئەم دوو وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەیەکی لێکدراوی نوێ بەناوی "Faction"، سازدەکەن و مەبەستیان نیشاندانی کاڵکردنەوەی سنووری ئەو دوو چەمکەیە (سەرچاوەی پێشوو). هەروەها وەدەرکەوت کە ئەزموونی ژیانی مرۆڤ بەنرخ‌تر لە وێژەدا (چیرۆک و ڕۆمان) ڕەنگی داوەتەوە. کەواتە مێژووی مە زۆرتر لەسەر شانی وێژەیە و دەبێ پێداگر بین لەسەر پەیوەندیی نێوان چەمکی مێژوو، و دماڕۆ دەبێ بایەخی ئەمەمان پتر لە پێش بکەوێتە بەرچەممان.

زستانی ٢٧١٩



34 . The Past.
35. Jeremy Hawthorn (1942), Norwegian University of Science and Technology, Trondheim.

## ژێدەرەکان


–فەرهەنگەکان:

١–ئەناهیتا، فەرهەنگی کوردی بە کوردی؛ لەسەر هێڵ/ Enahita, Ferheng.info

٢–هەنبانەبۆرینە، فەرهەنگی فارسی بە کوردی، نووسین و کۆکردنەوەی مامۆستا هەژار (١٩٩١–١٩٢١).

٣–فەرهەنگی خاڵ، نووسین و کۆکردنەوەی مامۆستا شێخموحەممەدی خاڵ، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٥.

٤–فەرهەنگی زانستگای کوردستان، فارسی بە کوردی، زانستگای کوردستان، سنە، ١٣٨٥.

٥–فەرهەنگی شێخانی، کوردی بە کوردی، نووسین و کۆکردنەوەی عەبدولوەهاب شێخانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک، ٢٠٠٩.

٦–فەرهەنگی کوردستان، کوردی بە کوردی، نووسین و کۆکردنەوەی گیو موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.

7-Wiktionary (English to English Dictionary): History (Noun); American English phonetic: /hɪstṛi/. This text is extracted from the Wiktionary and it is available under the CC BY-SA 3.0 license.

–پەرتووک و وتار:

١–ئەحمەدزادە، هاشم، گێڕانەوە: زمان، مێژوو و ڕۆمان، (وتووێژ) سازدانی ئازاد حاجیئاقایی، بیروهزر، ل ٧٢، ژمارەی ٨و٩، گوڵانی ١٣٩٧.

٢–باران، چیرۆک و دیرۆک (بەدواداچوون). [وتار].ماڵپەڕی کولتوور مەگزین، خەزەڵوەری ٢٠١٨.
[Online[. Available, http://cultureproject.org.uk/kurdish/chero-deroak-baran/ (Accessed on 21th, Jan 2020).

٣–چەمەنئارا، بێهرووز، شانامەی کوردی، بەرگی یەکەم (ڕووسەم و زووراو)، ل ٢١، چاپەمەنی مانگ، چاپی یەکەم، بانە، ١٣٩٥.

٤–شمس، اسماعیل، مقدمەای بر تاریخنگاری کوردی، مقالە. نشریه زریبار، شمارە ٨١ و ٨٢، بهار و تابستان ١٣٩٢.

٥–عەلیجاف، سەباح، ڕامانێک لە زانست و فەلسەفەی مێژوو. [وتار]. گۆڤاری کۆچ، ڕێبەندانی ٢٠١٦.

٦–قادری، عادڵ، گێڕانەوە لەنێوان چیرۆک و مێژوودا، [وتار]. ماڵپەڕی ڕووداونێت، خەرمانانی
[Online[. Available,
https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/21092018
(Accessed on 21th, Jan 2020).

٧–کەریمی، سەیجەعفەر، ڕێنووس و ڕێزمانی نووسینەوەی مێژوو، [وتار]. ماڵپەڕی کوردستانپۆست، جۆزەردانی ٢٠١٩.
[Online[. Available,
http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=86556&eid=86624 (Accessed on 20th, Jan 2020).

٨–یاری، زانکۆ، پەرەسەندنی زمانی زگماکی و پرسی لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی، [وتار]. گۆڤاری ڕوانگە، ژمارەی ٥ و ٦، زانستگای زانستە پزیشکییەکانی تەورێز، زستانی ٢٧١٦.

9-Ricœur, Paul, Time and Narrative, Volume 2, Translated by K. McLaughlin and D. Pellauer, University of Chicago Press; 1 edition (Sept 15, 1990).